لە لەندەن بنکەی دەرهێنانی پاسپۆرتی ئەلیکترۆنی عێراقی کرایەوە



وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند، بنکەیەکی ئەلیکترۆنی دەرهێنانی پاسپۆرتی سەفەری عێراقی لە لەندەن کرایەوە و دانیشتووانی دەرەوەی وڵات دەتوانن مامەڵەکانی نوێکردنەوە و دەرهێنانی پاسپۆرتی عێراقی بەهێزەوە ئەنجام بدەن.

ئەمڕۆ هەینی 15ی کانوونی یەکەمی 2023، لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا هاتووە، بەڕێوەبەرایەتیی باری شارستانی و پاسپۆرت و نشینگە، بنکەیەکی ئەلیکترۆنییان لە باڵوێزخانەی عێراق - لەندەن کردووەتەوە بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ دەرهێنانی پاسپۆرتی عێراقی بۆ شێوەی ئەلیکترۆنی بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە پێویستیان بە نوێکردنەوەی پاسپۆرت یا دەرهێنانیان و لە دەرەوەی وڵات دەژین.

لە بەیاننامەکەی وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا هاتووە، کردنەوەی ئەم بنکەیە لە بەریتانیا، دەبێتە پازدەهەمین بنکەی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرتی ئەلیکترۆنی و بەردەوامیش دەبن لە کردنەوەی ئەم بنکانەی دەرهێنانی پاسپۆرتی ئەلیکترۆنی لە تەواوی باڵوێزخانەکانی عێراق لە وڵاتانی تری دنیا.